# هەڵبژاردەی تۆپی پێی عیراق بە یەکەمی جیهان دەستنیشانکرا



هەڵبژاردەی تۆی پێی عیراق توانی لە راپرسی گۆڤاری(world soccer)ی ئینگلیزی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی جیهانی بۆ ساڵی (٢٠٠٧)بە دەستبێنێ و بەباشترین هەڵبژاردەی نیشتمانی بۆ تۆپی پێ لەسەر ئاستی جیهان بە رێژەی (٢٢,٢٪)ی دەنگدەرانی ئەو راپرسیە کە لە زیاتر لە (٤٨) وڵات بەشدار بوون، دەستنیشانکرا.

بە دەستهێنانی ئەو پلە بەرزە لەلایەن هەڵبژاردەی تۆپی پێی عیراق، لەبەر ئەوەنیە، کە ئەمساڵ بوو بە پاڵەوانی ئاسیا لە چارەگی یەکەمی ئەمساڵ و لە یاری کۆتایی لە ئەندەنوسیا بە ئەنجامی یەك گۆڵی بێ بەرامبەر سەرکەوت بەسەر هەڵبژاردەی سعودیەدا، بەڵکو لەبەرامبەر ئەوەیە کە ئەمساڵ هەڵبژاردەی عیراق سەرەڕای ئەو بارودۆخە سەختەی کە عیراق و هەڵبژاردەکە پێدا تێپەڕین، توانیویەتی ئەمساڵ کاروانە وەرزشیەکەی لەسەر ئاستی ئاسیا و جیهان،بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بگەیەنێتە لووتکە.

ئەم نازناوە، یەکەم نازناونیە کە عیراق کە مێژووی خۆیدا وەدەستیهێنابێ، بەڵام یەکەمجارە پلەی یەکەم لە راپرسی ئەم گۆڤارە وەدەست دێنێ و بەمەش دەکەوێتە پێش چەندین هەڵبژاردەی بەناوبانگی وەك بەرازیل، ئەرجەنتین و چەندین تیپی بەناوبانگی ئەوروپاو ئەمریکای باشور.

# کاپیلۆ بەرەو ئینگلتەرا



■ساتیە وەرزشیەکان

ئەندامانی یەکێتی تۆپی پێی ئینگلیزی لەسەر ئەوە رێککەوتن راهێنەر (فابیۆکاپیللۆ)دەست نیشان بکەن وەك راهێنەری هەڵبژاردەی وڵاتی خۆیان، ئەم بڕیارەش دوای ئەو کۆبوونەوەیەهات کە رۆژی پێنجشەممە ئەنجامدرا، ئاژانسەکانی هەواڵی ئەو وڵاتە وایان بلاوکردۆتەوە کە بڕیاروایە ٨,١٥ ملیۆن جونیەی ئەستەربینی بدرێتە (فابیۆکاپیللۆ) لەکاتی وەرگرتنی ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئینگلتەڕا.

# فێرناندۆ ئەلۆنسۆ، مووچەی ساڵانەی چل و سێ ملیۆن یۆرۆیە



رۆژنامەی (as)ی ئیسپانی ئاشکرای کرد پاڵەوانی پێشبڕکێی ئۆتۆمبیلی (فۆرمولە وەن)شوفێری ئیسپانی لاو (فرناندۆ ئەلنوسۆ) مووچەی ساڵانەی چل و سێ ملیۆن یۆرۆیە، کەلەلایەن تیپی رینۆی فەرەنسی پێی دەدرێت، ئەم گرێبەستەش بۆماوەی ساڵێکە بەڵام دەتواندرێت گرێبەستەکە درێژبکرێتەوە، ئەلۆنسۆ لەساڵی ٢٠٠٥ — ٢٠٠٦ پاڵەوانی جیهان بوو لە فۆرمولە وەن لەگەڵ تیپی رینۆ ، پاشان بوو بە شوفێری ماکلارینگ مێرسیدس بەڵام ئەو وەك پێویست ئەنجامێکی باشی بەدەست نەهێنا لەگەڵ تیپی ناوبراوو بۆجارێکی تر گەڕایەوە تیپی رینۆی فەرەنسی، رۆژنامەی ناوبراو ئەوەشی ئاشکراکرد تائێستا لە مێژووی فۆرمولە وەن هیچ شوفێرێك ئەو مووچەیەی پێنەدراوە، جێگەی ئاماژە بۆکردنە مایکل شوماخەر ساڵانەی سی و شەش ملیۆن یۆرۆبوو لەگەڵ فیراری ئیتاڵی، پاشان شوفێری فینلەندی (دێت کیمی رایکۆن) کە ساڵانە سی ملیۆن یۆرۆی بەدەست دەهێنا.

## مێژووی مۆندیال

# مۆندیالی ١٩٧٨

یانزەهەمین مۆندیال لەساڵی ١٩٧٨لە وولاتی ئەرجەنتین ئەنجامدرا،لەم مۆندیالەداشانزەهەڵبژاردەبەشداریان کردکەلەچوارکۆمەڵە پێك هاتبو،کۆمەڵەی یەکەم چوارهەڵبژاردەبوون(ئەرجەنتین،مەرجستان،ئیتاڵیا،فەرنسا)لەم کۆمەڵەیەدا هەریەکە لە هەڵبژاردەی فەرەنسا و ئیتاڵیا سەرکەوتن،کۆمەڵەی دووەم چوار هەڵبژاردەبوون(ئەڵمانیای خۆرئاوا،پۆلۆنیا،تونس،مەکسیك) لەم کۆمەڵەیەدا هەریەکە لە هەڵبژاردەی ئەڵمانیای خۆرئاوا پۆلۆنیا سەرکەوتن،کۆمەڵەی سێ یەم چوارهەڵبژاردەبوون(بەرازیل،سوید،نەمسا،ئیسپانیا) لەم کۆمەڵەیەدا هەریەکە لە هەڵبژاردەی بەرازیل ونەمسا سەرکەوتن،کۆمەڵەی چوارەم،چوارهەڵبژاردەبوون(پیرۆ،ئیسکوتلاندە،هۆڵندە،ئیران) لەم کۆمەڵەیەدا هەریەکە لە هەڵبژاردەی هۆڵندە وپیرۆ سەرکەوتن،لەم مۆندیالەدا هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بووبەقارەمانی یەکەم وپلەی دووەم هەلبژاردەی هۆڵنداو وەپلەی سێیەم هەڵبژاردەی بەرازیل وپلەی چوارەم هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بوون،سەرجەم یاریەکانی ئەم مۆندیالە ٣٨یاری بوون،هەروەهاسەرجەم گۆڵەکانی ئەم مۆندیالە بریتی بوون لە( ١٠٢)گۆڵ، باشترین یاریزانی ئەم مۆندیالە(ماریۆکامپوسی ئەرجەنتین)ی بوو،وەباشترین هێڵی بەرگری ئەم مۆندیالە بەرازیل بووبەسێ گۆڵ،هەروەهاباشترین هێرشبەری ئەم مۆندیالە (ئەرجەنتین وهۆڵندا)بوو بەپانزە گۆڵ، وەناوبژیوانی کۆتایی (گونێلای ئیتاڵی)بوو،گۆڵزانترین یاریزان (کەمپسی ئەرجەنتین)ی بوو،سەرجەم بینەرەکانی هەمومۆندیالەکە (١٦١٠٢١٦)کەس بوون، وەلەیاری کۆتاییدا(٧٧٠٠٠)هەزارکەس ئامادەی بینینی بوون.

# سیدۆرف میلانی رزگارکرد



بەئامادەبوونی زیاتر لە (٦٧)هەزار هاندەر لە یاریگای (یۆکۆهامای نێودەوڵەتی) لەیابان، پێنجشەممە ١٢/١٣ یاری پێش کۆتایی کۆپی جیهانی یانەکان کرا، یانەی AC میلانی ئیتاڵی نوێنەری کیشوەری ئەوروپا، بەو تاکە گۆڵەی یاریزانی هۆڵندی (کلارینس سیدۆرف) کە لە خولەکی ٦٨ی یاریەکەدا تۆماری کرد لەیانەی ئۆراوای یابانی نوێنەری کیشوەری ئاسیا، گەیشتە یاری کۆتایی کە بڕیارە رۆژی یەکشەممە ١٢/١٦ بەرابەر یانەی (بۆکاجونیۆرز)ی ئەرجەنتینی بیکات، یانەی ئۆراواش هەمان رۆژ بەرابەر یانەی (نەجم ساحلی)تونسی بۆ دیاری کردنی پلەی سێ یەم و چوارەم یاری دەکات.

## پرسە

بەناوی ستافی رۆژنامەی هەڵگۆرد پرسەو هاوخەمی خۆمان ئاراستەی بەرێز ماموستا (محەمەد مێرگەیی ) بەڕێوەبەری ئامادەیی چۆمانی کوڕان دەکەین بەهۆی کۆچی دوایی باوکی بەڕێزیانەوە داواکارین لە خوای گەورە لە کۆچکردوو خۆش بێت و ئەمەش دواناخۆشی بنەماڵەکەیان بێتو سەبوری بە کەس و کاری خوالێخۆش بوو ببەخشێت.

انا للە و انا الیە راجعون.

**ستافی رۆژنامەی هەڵگۆرد**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com